# سەرۆکی فەرماندە

عمری خەتات
omerxatat@yahoo.com

دوێنێ سێ شەممە 05.04.2005 بەرنامەی " من العراق "ی کەناڵی" العربیە " چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ جلال تاڵەبانی سەبارەت بە حکومەتی تازەو دەستورو یاسای بەرێوەبردن و ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بە ئاییندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقەوە هەیە ساز کرد. لە پرسیارێکدا سەبارەت بە شێوەی دەستوری ئاییندە لە عێراق دا کە ئایا دین ی تیا جیایە یان نا، لە وەڵامدا تاڵەبانی ئاشکرای کرد " ئێمە وەك پێشتریش رامان گەیاندووە کە ئیسلام دینی رەسمی دەوڵەتی تازەیەو یەکێك دەبێت لە سەرچاوە گرنگەکانی یاسادانان، بۆ ئاییندەش هەوڵ دەدەین ئەمە بچەسپێنین ".
ئەمرۆش تاڵەبانی بووە یەکەم سەرۆکی " کورد " لە مێژووی تازەی عێراقداو شیعەیەك و سونییەکیش بوونە جێگری راست و چەپی. پاش رێ و رەسمی هەڵبژاردن " سەرۆکی فەرماندە " رایگەیاند کە بە هەموو توانای هەوڵدەدات کە لە عێراقی نوێدا " دیموکراسی راستەقینە " بچەسپێنێ و چەوسانەوە نەهێڵێ... سەرەتا پێم خۆشە لەم دوو قسەیەی سەرەوەی تاڵەبانی وە دەست پێ بکەم، لەم راستایەدا بەراووردێك لەگەڵ رژێمی پێشوودا بە پێویست دەزانم :

بەعس، بریتی بوو لە سیستەمێکی حوکمرانی، دەستورو یاسای هەبوو، پەرلەمانی هەبوو، لەگەڵ تەواوی دام و دەزگاکانی دەوڵەتیی تر، جا ئەمانە چەند لە خزمەت خەڵکدا بوون یان دژی مەسەلەیەکی ترە. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان بەعس و حکومەتی تازە بکەین کە تاڵەبانی لە سەرەوەی وەستاوە، جیاوازیەکی بچوك دەبینین ئەویش ئەوەیە کە بەعس دەسەڵاتی تاکە حیزبی بوو وەحکومەتی تازە حکومەتی قەوم و عەشیرەتە !!

وەك ووتم بەعس سیستەمێکی حوکمرانی بوو، دەسەڵات و یاساکەی لەسەر بناغەی ناسیونالیزمێکی پشت بەستو بە شەریعەتی ئیسلام دامەزراندبوو، دەستوری وڵات بە قانوونەکانیشەوە لەم رۆحی ناسیونالیزم و دینە بێ بەر نەبوو، هەربۆیە تاسەر مۆخ دژی ئینسان و ئارەزووە ئینسانیەکانی خەڵکی عێراق بووە. راگەیاندنی ئیسلام وەك سەرچاوەی دەستور و قانونەکان لەپاڵ دەسەڵاتی قەومی و ئیسلامی حکومەتی تازەی عێراق ئەگەر مەینەتی یەکانی خەڵکی عێراق لەچاو دەسەڵاتی پێشوودا زیاتر نەکات بێ شك کەمتری ناکاتەوە. ئاشکرایە کە لەعێراقی نوێدا ئەوە ئیسلامی سیاسی یە کە باڵا دەستەو لەپاڵیشیدا ناسیۆنالیستە عەرەب و کوردەکان بەشێکی بچوکیان لەو دەسەڵاتەدا هەیە. حوکمەت کردنی ئەم تێکەڵەیە کە ساڵەهایە دەیسەلمێنن دژی هەموو خواستێکی ئینسانین و بەپشت بەستنیان بە ئیسلام بۆ بەرێوەبردنی "هاووڵاتیان" بە مانای:

نابووتکردنی ژنان لەژێر یاساکانی ئەحوالی شەخسی ـ ئیسلامیداو بە قانون کردنی کوشتنی ژنان بە تاوانی نامووسی و قەوارەدان بە یاسای چەند ژنە و مەسەلەکانی تایبەت بە بەخێوکردنی منال و میرات و تاد.....
بەرگرتن بە ئازادی ئەندێشەو رادەربرین لەژێر ناوی " پاراستنی ـ موقەدەساتی خەڵکدا "و سەرکوتی ئەو کەس و لایەنانەی کە ئەم" موقەدەساتانە " پێشێل دەکەن.

دەست رانەگەیشتنی ناوەندەکانی خوێندن ـ و پەروەردە بەو دەستکەوتە زانستییە نوێیانەی کە

زەرەرمەندە بە دین، جیاوازی کردنی رەگەزی نێرومێ، کردنەوەی چەندین حەوزەو قوتابخانەی دینی، حیجابی ئیجباری و زیادبوونی کەش و هەوای کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و تاد...
هەوڵدان بۆ بەرگرتن بە ئازادی یە سیاسییەکان، گرتن و راوەدوونانی ـئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، رێگرتن لە هەڵسورانی حیزب و کۆمەڵەو رێکخراوە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەژێر ناوی " پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی."
سەربازیی ـزۆرەملێ و پربوونی شاخەکان و دێهاتەکان بە سەربازی " فیرار "، خێراخێرا پربوونی زیندانەکان و خێراخێرا " عفو عام "ەکان و.........هەرشتێکی تر کە بە خەیاڵی هەرکەسێکتاندا دێت، بێ شك لە پێکهاتە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی تازە دەبێت .

مەسەلەی دووەم ئەو دیموکراسی و نەهێشتنی چەوسانەوەیەیە کە تاڵەبانی مژدەی پێ بە خەڵکی عێراق لێ دەدات لە نوکتەیەکی بێ تام بەو لاوە هیچی تر ناگەیەنێ.
نزیك 14 ساڵە کە تاڵەبانی و حیزبەکەی لەپاڵ حیزبەکەی تری بنەماڵەی بارزانی دا دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەستەوەیە، لەم 14 ساڵەدا کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەمانەدا رەشترین ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بەسەربردووە. تالان و دزی و راووروت، شەڕ و پاوانخوازی، زیندووکردنەوەی خێڵ و عەشرەت، کوشتنی بە بەرنامەی ژنان بە تاوانی ناموس، وەڵامدانەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتی بە فیشەك و زیندان، هەڵکوتانی چەکدارانە بۆ سەر حیزبە موخالیفەکان، کوشتنی کەسایەتی یە سیاسی و ناسراوەکان، دانی نان و کار بە تەزکیەی حیزبی، پێشلەشکریی بۆ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو کردنەوەی دەیان بارەگای موخابەراتی و جاسوسی.......و دەیان و سەدان پێشێلکاری تر کەهەر لەشان و شەوکەتە دیموکراسیەکەی ئەمان نەبێت ناوەشێتەوە!! ئێستا تاڵەبانی دەیەوێت هەمان ئەم تەجرەبەیە لە ژیانی دیموکراسی بکاتە بەرنامە کاری حکومەتی تازەو ئەمجارەش نەك بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکو بۆ نزیك 26 ملیۆن ئینسان.. چ مەئساتێکە!!

چەپڵەکوتان و هەلهەلەو شادی و خۆشی بەرەی ناسیونالیستی بەوەی کە سەرۆکی تازەی وڵات " کورد "ەو ئەمە بەمانای چەوسانەوە لاچوونە لەسەر تاکی کورد، کۆمیدیایەکی گاڵتەئامێزە. چەپڵەکوتانی ئەمرۆ ئەژنۆ ئامادەکردنە بۆ کاڵەکە زبرەکەی سبەینێ. ئەگەر سەرۆکی فەرماندەی پیشوو خاوەنی دەسەڵاتێکی رەها بوو لە عێراقدا، ئەوا بەدبەختی یەکەی سەرۆك تاڵەبانی ئەوەیە کە ئەو لە کڵاوی ئەو سەرە تێ ناپەرێ کە ناوی ئیسلامی سیاسیەو دەسەڵاتی رەها لەدەست ئەودایە!!.

کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریی لە عێراقدا بێجگە لە پروپاگەندەی دەزگا راگەیاندنە درۆزنەکان نەبێت هیچی تر نەبوو، لەم وڵاتە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرەکان تازە لەسەرەتای خۆیدایە. رێگەی گەیشتن بە تەنانەت کەمترین خۆشگوزەرانی، جیاکردنەوەی ریزی خەڵکی زەحمەتکێشە لەم بازرگانانەی کە هەمیشە لەسەر خوێن و ئومێدی خەڵك دەبنە " سەرۆکی فەرماندە "و بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی تری هەمان ئەو ئینسانانەیە کە هەم لە سەردەمی پێشوودا و هەم لەسەردەمی تازەدا بێبەش بوون.